# گرژییەکانی چوارشەممە خەونی دەوڵەتی لەبەغدا خستە گیانەڵڵا

27-05-2021

**نووسەرەکان**

د. یاسین تەها

**کورتە :** گردبوونەوەی چەند گروپێکی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەی سەوزی بەغدا و داخستنی دەروازەکانی ئەم ناوچەیە کە گرنگترین بنکە و بارەگا عێراقی و نێودەوڵەتییەکان لەخۆی دەگرێت ( 26 ئایار) وەك هەر کودەتایەکیتری تەقلیدی لە عێراقدا هێزی سەربازی تێدا جوڵێنرا و خەڵکی پایتەختی خستە دڵەخورتێوە. لە زنجیرەی ئەو بەریەککەوتنانەی کە ناوبەناو لەنێوان مستەفا کازمی و گروپە چەکدارەکاندا روودەدەن

|ياسين تەها

گردبوونەوەی چەند گروپێکی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە ناوچەی سەوزی بەغدا و داخستنی دەروازەکانی ئەم ناوچەیە کە گرنگترین بنکە و بارەگا عێراقی و نێودەوڵەتییەکان لەخۆی دەگرێت ( 26 ئایار) وەك هەر کودەتایەکیتری تەقلیدی لە عێراقدا هێزی سەربازی تێدا جوڵێنرا و خەڵکی پایتەختی خستە دڵەخورتێوە. لە زنجیرەی ئەو بەریەککەوتنانەی کە ناوبەناو لەنێوان مستەفا کازمی و گروپە چەکدارەکاندا روودەدەن، ئەمە پێشهاتێکی گرژ و پڕ مەترسیش بوو لە کێشمەکێشی هێزەکانی لایەنگری دەوڵەت و ئەو هێزانەشی پێیان دەوترێت "لا دولة". بەریەککەوتنی ئەمجارەشیان لە کاتێکدایە کە وڵات خۆی بۆ هەڵبژاردنی پێشوەختە ئامادە دەکات.

جوڵەی ئەمجارەی چەکدارە وەلائییەکان بۆ نمایشی هێز نەبوو وەك ئەوەی دوو مانگ لەمەوبەر و (25 ئازار) کەتیبەکانی حیزبوڵڵای عێراق و رەبعوڵڵا هەر لە بەغدا ئەنجامیان دا. یان وەکوو وەك کاردانەوەو رکابەریکردنی نمایشی پێشووتری "سرایا السلام" ی سەدرییەکان ( 8 شوباتی 2021) نەبوو. بەڵکوو، گردبوونەوەی ئەمجارە بۆ ئازادکردنی یەکێك لەفەرماندە حەشدییە سەر بەگۆبەنەکان بوو کە قاسم موسڵیحی ئامر لیوای "الطفوف" و فەرماندەی میحوەری ئەنباری حەشدی شەعبییە، کە بەفەرمانی کازمی و بەپێی مادەی 4 ی تیرۆر، تەنها چەند کاتژمێرێك لەوەوپێش بەسەرپەرشتی ئەحمەد ئەبو رەغیف بریکاری وەزیری ناوخۆ بۆ کاروباری هەواڵگری دەستگیر کرابوو.

هەرچەند تۆمەتەکانی قاسم موسڵیح، دۆسییەکانی تیرۆرە، بەڵام لە راگەیەنراوە فەرمییەکانیش بەدیاریکراوی روون نەکراوەتەوە کە چی و چین، بەڵام بەپێی دزەپێکردنەکان، هێرشکردنە سەر بنکەی (عين الأسد) ئەمەریکییەکان و تیرۆرکردنی چالاکڤانانی خۆپیشاندانی تشرین دەگرێتەخۆ، بە تایبەت ئیهاب وەزنی کە لەکۆتاییەکانی رەمەزانی رابردوو (9 ئایار) لە سەنتەری کەربەلای پیرۆز لای ملیۆنەها شیعە، کرایە دوا تیرۆری چالاکڤانەکانە تشرینییە مەدەنی و راپەڕیوەکان. بەهۆی ئەوەشەوە ئەم هەفتەیە (25 ئایار) خۆپیشاندەرانی باشووری عێراق لە هەمووولایەکەوە رژانە گۆڕەپانی تەحریر و گۆڕەپانی نسوری بەغدای پایتەخت و دروشمی "کێ کوشتمی؟"یان گوتەوە و جموجوڵەکەی خۆشیان ناونا "شۆڕشی ئیهاب وەزنی" و دوایان لە حکومەتی کازمی کرد بەرەنگاری میلیشیاکان ببێتەوە و بکوژی چالاکڤانەکانیان ئاشکرا و دادگایی بکات، هەر لەم میانەیەشدا هەندێك لەو هێز و گروپانەی تشرینییەکان، وەك ناڕەزایی و تووڕەیی، بڕیاری بایکۆتی هەڵبژاردنی پێشوەختەی چاوەڕوانکراویان دا و بەمەش هیواکانی گۆڕانکاریی لەرێگەی پرۆسەی دیموکراسی و دەنگدانەوە پاشەکشەیەکی گەورەی کرد.

قاسم موسڵیح، کە پێشتر و لەسەردەمی شەڕی داعش فەرماندەی لیوایەکی سەر بەعەتەبەکانی مەرجەعیەتی نەجەف بووە (الطفوف)، بەر لەوەی سەنگەر بگوازێتەوە بۆ بەرەی وەلائییەکانی ئێران، لەگەڵ براکەیدا (عەلی موسڵیح) پێشینەو پەرێزێکی خراپیان هەیە لەناو خەڵك لە دۆسیەکانی سەرکوتکردنی ناڕازییەکان و گەندەڵی دارایی و سەرانە وەرگرتن و سپیکردنەوەی پارەو بودجەی هێزەکانی حەشد. هەر لەم میانەیەشدا دایکی ئیهاب وەزنی، لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا بەدڵنیاییەوە دەڵێت، قاسم موسڵیح هەڕەشەی توندی لە کوڕەکەی کردووە "ئەگەر یەك رۆژیشم مابێت لە ژیاندا هەر دەتکوژم."

هەندێکیتر پێیانوایە کاری قاسم موسڵیح گەورەترە لە تیرۆر و سەرانە وەرگرتن و ترساندنی خەڵك، چونکە ناوبراو لەسەردەمی ژیان و چالاکی قاسم سولەیمانیدا (کانونی دووەمی 2020 تیرۆر کرا) بووەتە جێگە متمانەی سوپای پاسداران و سەرپەرشتیکردنی دۆسیەی ئەمنی میحوەری ئەنباری پێ سپێردراوە کە شیعەی عێراق و ئێران دەبەستێتەوە بە سوریا و مۆڵگەی پێشووی رێکخراوەکانی ئەلقاعیدە و داعشیش بووە، هەر ئەمەش قاسم موسڵیحی کردووەتە یەکێك لە ئایکۆنەکانی حەشدی وەلائی لەسەر ئاستی عێراق و پێگەشی لەناو دەستەی حەشدی شەعبی بەهێز کردووە کە بەفەرمی سەر بەدەوڵەتە و بودجەی ساڵانەی لە دوو ملیار دۆلار زیاترە.

ئەو هێزانەی لەسەر قاسم موسڵیح چوونە سەر ناوچەی سەوز دەموچاویان پێچرابوو، هیچ لۆگۆ و ناونیشانێکیشیان بە ئاشکرا هەڵنەگرتبوو، بەڵام ئەو لایەنانەی زۆر لە رێگەی بەیاننامە و لێدوانی میدیاییەوە پشتیوانییان کردن، زیاتر بریتی بوون لە عەسایب و کەتیبەکانی حیزبوڵڵا و بزوتنەوەی نوجەبا کە بڕبڕەی پشتی پرۆژەی وەلائییەکان لەناو حەشدی شەعبیدا پێکدەهێنن. ئەم هێزانە بە پاڵپشتیکردنی جموجوڵە سەربازییەکە جارێکیتر جاڕی یاخیبوونیان لە فەرمانەکانی سەرۆکوەزیران راگەیاند، هەروەها بەکردەیی کۆتاییان بەو قسەیەش هێنا کە زۆرجار دەگوترێتەوە کە گوایە دەستەی حەشدی شەعبی و چەکدارەکانی سەر بەسەرۆکوەزیرانن و بەشێکن لە پێکهاتە ئەمنییەکانی دەوڵەت و لەژێر ئاراستەکردنی فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکاندان.

هەرچی بەسەر قاسم موسڵیح ئیدانە بکرێت یان ئازاد بکرێت (ئەگەری دووەم زاڵترە)، هیچ لەو راستییە ناگۆڕێت کە گرژییەکانی

چوارشەممەی بەغدا خەونی دەوڵەتداریی لەعێراقدا لە سایەی چەکی بەرەڵا و فرەیی مەرجەعیەتی ئاراستەکردنی گرووپەکان، خستە گیانەڵڵا. لەدوای ئەم رووداوەشەوە جارێکیتر ئەستەمە هیچ کەس باس لە شکۆی دەوڵەت یان قەتیسکردنی چەك لە دەستی دەوڵەتدا بکات، بەتایبەت پاش ئەوەی چەکدارەکان یەکڕاست گەمارۆی سەرۆکایەتی وەزیران و ماڵی پلەدارە باڵاکانی دەوڵەتیان دا و لەهەندێ گرتەی ڤیدیۆییشدا بەلاقرتێوە هەواڵیان دەپرسین کە ئاخۆ چیتر بەتەمای چین و لەکوێن؟

هەڵکشانی پێگەی گرووپەکان لەسەر حسابی دەوڵەت، پێش لەسەرهەڵدانی داعش و راگەیەندنی حەشد بەفەرمی (20214) بەردی بناغەی دانراوە، حکومەتەکانی پێشووش (عەبادی و عەبدولمەهدی) لەگەڵیدا ژیاون و بەڕێیان کردووە، بەڵام ناو بەناو کازمی بە دەست بردن بۆ ئەو پرسانە و گوشاری خۆپیشاندەرانی تشرین بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەت و میلیشیاکان، هەمووجارێ قەتماغەی برینەکانی سەر جەستەی عێراق لا دەبەن و هەمووجارێك گرووپەکان هەنگاوێك زیاتر دەچنەپێش لە خۆسەپاندن. بەڵام دیارە خۆیان نایانەوێت کۆنترۆڵی تەواوەتی دۆخەکە بکەن چونکە کەرەستە و ئامادەیی ئەوەیان نییە دواتر ئیدارەی دۆخی عێراق بدەن، ئەویش لە سایەی ئابوورییەکی داتەپیو و پێویستییەکی زۆری عێراقدا بە کۆمەك و پەیوەندییە دەرەکییەکان بەتایبەت ئەمەریکا و ئەوروپا کە ئێستا لە دەستی کازمیدایە.

سەرەتای بەریەککەوتنی ئاشکرای حکومەتی مستەفا کازمی و گرووپە چەکدارە وەلائییەکان دەگەڕێتەوە بۆ هاوینی 2020، کاتێك کازمی 14 کەسی لە کەتیبەکانی حیزبوڵڵا دەستگیرکرد کە تۆمەتباربوون بە هاویشتنی موشەك بۆسەر باڵیۆزخانە و بنکەکانی ئەمەریکا. دواتر چەکدارەکانی ئەم گرووپە کە دڕترین و رێکخراوترین گرووپە وەلائییەکانی ئێرانن هەڵیانکوتایە سەر ناوچەی سەوز و بەنێوانگری مالیکی و سەرکردەکانیتری شیعە سەرۆکوەزیرانیان ناچارکرد، بەبێ هیچ سزوا رێوشوێنێك گیراوەکان ئازاد بکات. ئەمە لە کۆتاییەکانی ساڵی رابردووش (2020) دووبارەبوویەوە، کاتێك هێزە ئەمنییەکانی عێراق کادرێکی بزوتنەوەی عەسایبیان بەتۆمەتی تێوەگلان لە هاویشتنی رۆکێت بۆ باڵیۆزخانەکان دەستگیرکرد (حسام زريجاوي) و دواتر چەکدارەکانی عەسایب رژانە سەر شەقام بۆ ئازادکردنی و دۆسیەکەش دیزەبەدەرخۆنە کرا. لە دەستگیرکردنی قاسم موسڵحیشدا گەڕێکیتری ئەم بەریەککەوتنە دووبارە بوویەوە و لەبەر رۆشنایی ئەو دوو ئەزموونەی پێشووش، باوەڕێکی زاڵ هەیە کە چارەنووسی قاسم موسڵیحیش هەر ئازادکردن و کۆتاییهاتنی دۆسیەکەیەتی، چونکە ناوبراو ئەڵقەیەکە لە زنجیرەیەکی قایمتر کە حەشدی شەعبییە و سەرانی ناهێڵن بۆ پاراستنی سەرکردەکانیتریان لە دوورمەودادا هیچ کەلەبەر و درزێکیان تێ بکەوێت.